چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ "کەمال ڕەئوف" نوسەرو روناکبیر

ئاشکرابوو کە ئەمریکا جگە لەوەی پەیامی ڕزگاری بۆخەڵك پێنییە هەروەها ناشتوانێت بەزۆری هێز پەیامی دیموکراتیەت بگەیەنێت.

بەختیار سامی: داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە هەروا درێژەی هەیە، شەڕو پێکدادانی نێوان هێزەکانی ئەمریکاو هێزە ئیسلامیو تیرۆریستەکان هەر بەردەوامە، ئەمریکا هەروا کوشتار لەخەڵکی عێراق دەکات، عێراق بەتەواوەتی لەبەریەك هەڵوەشاوە، ئەمریکاو هاوپەیمانانی توشی بنبەست هاتوون و...تاد، لەو هەلومەرجە ئالۆزەدا مەبەستی ئەمریکا لە هەڵبژاردن چییە؟

کەمال ڕەئوف: سەبارەت بە پرسیاری یەکەم کە بە باسکردن و لێکۆڵینەوە لە داگیرکردن و پشێوی ئیستای عێراق دەست پێدەکات , من لام وایە بەشێکی کەمی ئەو پشێویانە هۆکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەعێراق بوونیان هەیە , بەڵکو بەشێکی زۆری ئەو پشێوییەوناهەمواریيە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خودی خەڵکی عێراق لەنەسیجێکی کۆمەڵایەتی هەمەجۆر پێکهاتووە و هەریەك بۆخۆشی دنیایەك کێشەی لەگەڵ خۆی و ئەوی تریشدا هەیە و ساڵانێکی زۆرە ئەوکێشانە لەسەریەك کەڵەکەبوون ,هەروەها پێشترحکومەتی عێراقیش کێشەی سیاسی و ئابوری و سنوری و لەگەڵ هەموو دراوسێکانی هەبووەو وەك سروشتی ئەم جۆرە دەسەڵاتانە بەدرێژایی ئەو کێشانەش هەوڵدراوە هەمولایەك تەدەخولی کاروباری ناوەوەی یەکتری بکەن , بۆئەمەش ئۆپۆزیسۆنەکان بەدێژایی تەمەنیان باشترین وەسیلە بوون بۆ پەلکێشانی هێزەدەرەکییەکان بۆناوەوە , دیارە ئەم باسە زۆر هەڵدەگرێت بۆیە لەو بارەوە تەنها ئەوەندە دەڵێم کە نابێت بڕوابەو ڕایەبکەین کەلای وایە کۆمەڵگەی عێراق بێ کێشەیەو هەموکێشەو گرفتەکان لەدەرەوە هێنراون بۆناوەوە و ئەگەر هێزە دەرەکییەکان پاشەکشە بکەن ئیتر ئاو دەکرێت بەئاگردا, بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاستیەشدا ناتوانین چاو لەداگیرکردن و خراپی هەڵسوکەوتی هێزەکانی ئەمریکاش بنوقێنین ,هەروەها لەم ئالۆگۆڕەدا ئەوەش ئاشکرابوو کە ئەمریکا جگەلەوەی پەیامی ڕزگاری بۆخەڵك پێنییە هەروەها ناشتوانێت بەزۆری هێز پەیامی دیموکراتیەت بگەیەنێت , وەلەلایەکی تریشەوە ئەگەر توانای کۆنترۆڵکردن و تێکدانی دەسەڵاتە لوکاڵیەکانی ئەم ناوچانەی هەبێت ئەوا ئەوە بەو مانایە نیە کە توانای داگیرکردنی بەردەوامی خەڵکەکەشی هەبێت و بەشێوەو بەئەقڵی سەردەمانی کولۆنیالیستیەوە بتوانێت حوکمرانی دەرەوەی سنورەکانی خۆی بکات, ئەم قسەیە لەکاتێکدا دەڵێم کەپێم وایە ئەو پشێوییەی کەئێستا هەیە هێشتا نەك ناتوانرێت ناوی بەرگری نیشتمانی لێبنرێ لەهەمانکاتیشدا بەهیچ جۆرێك بەلەقازانجی کێشەکانی ئێستاو کردنەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا نییە, وە نەلەئایندەشدا سیاسەت و هەڵوێستێکی وا ناتوانێت بەقازانجی خەڵکی عێراق بێت .

بەختیار سامی: هێزە سیاسیەکانی عێراقو ئەمریکا باس لە پێکهێنانی نێزامێکی دیموکراسی دەکەن، کەچی ئێستا ئەمریکا بە ئاشکرا لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکان ڕێککەوتووە بەتایبەتی شیعەکان لەوانەیە لەحکومەتی داهاتووی عێراق زۆربەی دەسەڵاتیان پێ بدرێ. بۆ هەموو کەسیش ئاشکرایە ئەم هێزە ئیسلامییانە باوەڕیان بە جیایی دین لەدەوڵەت, یەکسانی ژنو پیاو، ئازادیە سیاسیەکان، چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی، لەعێراقدا نییە، بەڕای تۆ مەبەستیان لەو هەموو پڕوپاگەندەیە سەبارەت بە دیموکراسی چییە؟

کەمال ڕەئوف: سەبارەت بەوەی کە ئەمریکاو هەندێك لەهێزە بەشداربووەکانی ناو هەڵبژاردن بەڵێنی دیموکراسی بوونو جۆرێك ئازادی بەگوێی خەڵکدا دەدەنو گوایە وابەنیازن هەڵبژاردنێکی بێگەردو نمونەیی ئەنجام بدەن تا لەناوچەکە دەسەڵاتێکی نمونەیی بەرهەم بهێنن, ئەوە ئەو قسەیە پێش هەمووکەسێك خۆیان دەزانن کەوانیەو دورە لەڕاستیەوە, چونکە هێزە ئەمریکاییەکان ئەوان کەخۆیان ڕۆژانە گیانیان دەکەوێتە خەتەرو لەسەر لیواریمەرگ ڕاگیراون, ئەوان کە خۆیان نەتوانن بەبێ چەك و زرێپوش و جلی سەربازی گوللە نەبڕەوە بێنە ناو شەقام و کوڵانی شارەکانەوە, چۆن دەتوانن لەکەش و هەوایەکی ئاوادا ئازادی و دیموکراتی بۆ خەڵك دابینبکەن, پاشان هێزە بەشداربووە عێراقیەکانیش, ئەگەر لایانوابێت هەڵبژاردنو قبوڵکردنی شەریکایەتی یەکترکردنی دەسەڵات بەنرخی دیموکراتیەتو ئازادی بەخەڵك بفرۆشنەوە ئەوا دیسانەوە ئەوانیش هەڵەیەکی ترسناك لەمێژووی تازەی دەسەڵاتی عێراقدا تۆماردەکەن, چونکە ماناو ناوەڕۆکی دیموکراتیەتی هەڵبژاردن بەو پرۆسەیە دەوترێت کەهاوشانی ئەوەی کە هەلومەرجی گونجاوو لەیەکچوو لەڕووی مادی و یاسایی وڕاگەیاندنەوە بۆ کاندیدەکان ساز دەکرێ, ئەوا دەبێت لەهەمانکاتیشدا هەلومەرجی گونجاو لەباریش بۆ دەنگدەران ساز بکرێ تا بەئازادانە دەنگ بدەن چونکە لەئاکامدا ئەو پروسەیە ئەوەی کەهەیە پشت بە ڕێژەو بەو متمانەیە دەبەستێت کەزۆربەی خەڵك دەنگی پێداوە ,کەبەداخەوە ئێستا لەعێراقدا هەلومەرجێکی وا لەئارادانییە.

بەختیار سامی: مەسەلەی نەتەوایەتی کورد یەکێکە لە مەسەلە سیاسییە سەرەکیەکانی ئەمڕۆی عێراق، تۆ پێتوایە حکومەتی هەڵبژێردراوی داهاتووی عێراق دەتوانێت ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکات؟

کەمال ڕەئوف: سەبارەت بەچارەسەرکردنی کێشەی خەڵکی کوردیش لە حکومەتی ئایندەی عێراقدا یاخود بەجۆرێکی تر پاش هەڵبژاردنەکان؟ ئەوە ئاشکرایە کەتاکو ئێستا لەعێراقدا ئەو هێزانەی کونترۆڵی هەلومەرجەکەیان کردوە هەر ئەوانیش هەڵدەبژێردرێنەوە بەکەمێك گۆڕانکاری ڕووکەشەوە, ئاشکراشە ئەوان تارادەیەك نامۆن بە بیری دیموکراتی وئازادی, من پێم وایە ئەم قسەیەم بۆ ئۆپۆزیسۆنی ئێستای حکومەتەکاتیەکەش دروستە, چونکە تاکو ئێستا ئۆپۆزیسۆنێکی جەماوەری و دیار بەبەرنامەو خوێندنەوەی تازە سەری دەرنەهێناوە, ئەوەی کەهەیە شەڕی میراتی و کێبەرکێی دەسەڵاتە بەکۆمەکی دەرەکی وبەشێوەیەکی خوێناوی و دزێو, بەشێوەیەکی تر ئەتوانین بڵێین ئەو هێزانەی کەتاکوئێستا دەرکەوتوون وادەناسرێنەوە کە شیعەکان داکوکی لەخەڵکی شیعە بکەن بەهەژارو دەوڵەمەندیەوە، سونیەکان لەسونە مەزهەب,کورد لە کورد, تورکمان لەتورکمانو ئیسلامیەکان لەئیسلام, هەرئەمەشە وایکردوە کەلەم ئالۆگۆڕانەدا نەتوانرێت حساب لەسەر بەرنامەو خواستی جەماوەری و کاری ڕیفۆرمسازی وئەوشتانە بکرێت, کەدیارە ئەم تێکەڵیەش لەپێش هەرشتیکا ئاکامەکەی بەدژی خەڵکی هەژارو زەحمەتکیشەو بەدژی هەلومەجی ژیانی نالەباری منالان و ژنان و پیرو پەکەوتەکانە, بەکورتی هەلومەرجێك لەئارادایە کەئاسۆ و ئایندەکەی جێگەی دڵخۆشی نییە بەتایبەتی بۆ ئەو چینو توێژانەی کە تاکو ئێستا لەنێو کومەڵگەدا قورسایی ژیان بەسەرسەریانەوە ماوەتەوە, هەربۆیە کردنو نەکردنیو ئەنجامەکانی هەڵبژاردن هەرچۆنێك بێت, لەلای ئەوان هیچ نییە چونکە هیچ جیاوازیەك لەژیانیاندا پێکناهێنێت کەبۆ ئەوان شایستەی باسکردن و لەبەرچاوگرتن بێت.

چاوپێکەوتن لەگەڵ تونی میندسینو، هەڵسوڕاوی دژ بە شەڕ و ڕێکخەری ژنانی ڕادیکاڵ* لەلایەن هاوڕێ ئەیاد ئەحمەد، سەبارەت بەهەڵبژاردن لەعێراق

(ڕێکخراوی ژنانی رادیکال پشتگیری لە خەباتو بەرگری خەڵکی عێراق دەکات)

ئەیاد ئەحمەد: چۆن دەڕوانیتە ئەو هەڵبژاردنەی کە لە عێراقدا بەڕێوەیە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی سەربازی ئەمەریکادا. وە چۆن ئەو هەڵبژاردنە دەکرێت سازبکریت لە هەل و مەرجێکی نا ئارام دا کە ڕۆژانە تەقینەوە, کوشتن و ترس هەیە؟

تونی: ئێمە کۆکین لەگەڵ ئەو پرسیارەی تۆ, چۆن دەتوانریت هەڵبژاردنیکی دیموکراتی سازبکرێت لە کاتیك دا خەڵکی عێراق لە ژێر دەسەڵاتی هێزو یاسای داگیرکەری سەربازی دان؟ ئێمە بەتایبەتی نیگەرانی ژنانو منالانین کە زیانی زۆریان لێ بکەویت لە ئەنجانی بەرزبوونەوەی توندڕەوی, هەژاریو ئەو کوشتنە وەحشیانە کە ڕۆژانە لەلایەن هێزەکانی حکومەتی داگیرکەری ئەمەریکاوە دەکریت. هەڵبژاردنی ٣٠ کانوونی دووەم بە تەواوی ناشەرعیو نا دیموکراتی یە چونکە عێراق گەمارۆ دراوە, وە ژمارەیەکی کەمی خەڵك دەتوانن خۆیان ناو نووس بکەن بۆ هەڵبژاردن.

ئەیاد ئەحمەد: ئامانجی ئەمەریکا چی یە لەم هەڵبژاردنە؟

تونی: لەگەڵ تووڕەییو پرسیاری خەڵك دا لە دژی بەردەوام بوونی داگیرکاری, حکومەتی ئەمەریکا لە هەولی ئەوەدایە کە شەرعیەتیك بە دەست بهێنێ بۆ بڕیارە کوشندەکانی. ئەمەریکا خوازیاری ئەوەیە کە حکومەتیکی کارتۆنی دابنیت لە چەشنی حکومەتە کاتیەکە کە دەتوانرێت بەکاری بهێنیت. نەخشەی هەڵبژاردن بۆ ئامانجیکی دووری ئیمپریالیستی حکوومەتی ئەمەریکاو لایەنگرانیو سەرمایەدارانی خاوەن پارەو دەسەڵاتە، کە دەسکەوتیکی زۆریان دەبێت لە داگیرکردنو نەخشەدانان بۆ تایبەتی کردنەوە. لە هەمان کاتدا ئیدارەی ئەمەریکا هەوڵدەدات کە پارێزەرانی مافی ژنانو ڕێکخراوی سەربەخۆو چەپی ڕادیکاڵ بە ئاگابهێنیتەوەو گوشار بخاتە سەر یاخی بووە عێراقیەکان.

ئەیاد ئەحمەد: تۆ پێت وایە عێراقیەکان بەشداری بکەن لەم هەڵبژاردنە؟

تونی: نا بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنیکی شەرمەزار کە تەنها شەرعیەتی هەیە بۆ ئەمەریکا. ڕێکخراوی ژنانی رادیکال بەشداری ناکات لە هەڵبژاردنێك کە لە ژێر سایەی داگیرکاری دا بێت.

یەکەم ئەمریکا پێویستە لە عێراق بکشێتەوە. ئێمە چالاکانە بەشداری دەکەین لە دروست کردنی جووڵانەوەیەکی بە هێزی دژ بە شەڕ لە ئەمەریکادا، کە پشتگیری لە خەباتی خەڵکی عێراق بکات بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆی, لە هەمان کاتدا ئێمە وا ئەبینین کە نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ نییە تەنها پیاوی سیاسەتە شەڕانگیزەکانی ئەمەریکایە لە دونیادا. ڕێکخراوی ژنانی رادیکال پشتگیری لە خەباتو بەرگری خەڵکی عێراق دەکات (کە یەکێتی کۆمونیستەکان لەعێراق بەشێکن لەو خەباتە) بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی مەدەنیو دیموکراتی تەواوو دژ بە سەرمایەداری. لەو کاتەدا زەمانەتی تەواوی ئازادی ژنانە وە دەتوانیت پێویستیەکانی خەڵك بەدەست بهێنیت. لە هەمان کاتدا ئێمە لە ئەمەریکا خەبات بۆ ئەو ئامانجانانە دەکەین.

---

* ڕێکخراوی ژنانی ڕادیکاڵ، ڕێکخراویکی سوشیالیستی فیمینستی جیهانی یە لە سان فرانسیسکو–ئەمریکا.

خەریکە حزبی بەعس درووستکەنەوە!

✍ ئاسۆ غەریب

ماوەیەکە باسکردن لەخۆڕیکخستنەوەی حزبی بەعس کەوتۆتەسەرزاران، هەفتەنامەی هاوڵاتی لەژمارە (٢٠٥)یدا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ صلاح موختار ئەنجام دابوو، کەحزبی بەعس وەك بەهێزترین حزبی خاوەنچالاکی لەهەمووعێراق نیشاندەداتو د.بەرهەم ئەحمەدیش سەرەتای ئەمساڵ لەکۆڕێکی ڕۆژنامەگەریدا وای ڕاگەیاند گوایە ئەو کارە تیرۆرستییانەی بەڕێوە دەچن لەئێراقدا ئەمدواییانە بۆیان دەرکەوتووە حزبی بەعس لەپشتیانەوەیەو.....تاد.

هەموومان ئاگادارین کە حزبی بەعس نەك ئێستا کەدەسەڵاتی نەماوە، بەڵکو لەلوتکەی دەسەڵاتیدا کەس نەبووبەرگری لێبکاتو خۆی بۆ بتەقێنێتەوەو ئەوکارانەی بەڕێوەدەچن زۆربەی هەرە زۆریان نمونەیەکن لەتیرۆریزمی ئیسلامی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوقسانەی دەربارەی زیندووبوونەوەی حزبی بەعس دەکرێت، بەبڕوای من دووکەڵی ئاگرێکی نادیارن.

ئەگەرچی گیانسەختیو مقاوەمەی پاشماوەکانی ڕژێمی بەعس مەسەلەیەکی واقعیو حاشاهەڵنەگرەو لەڕۆژی ڕووخاندنیەوە تا بەرەوئەملا هاتووین ئەو مقاوەمەیە لەبەرامبەر ئەوهەموو هێرشو ڕووبەڕووبوونەوەیەی هێزە چەکدارە ئێراقیەکانو هێزی هاوپەیمانانو ئەمریکیەکان، نەك هەرکەمی نەکردووە بەڵکو زیادیکرووە.

هۆکاری ئەم زیادبوونە ریشەداری حزبی بەعسو جدیەتی ئەو نیە بۆ سیاسەت، حزبە بەعس لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمەکەی لەبەینچوو. ئەگەرچی هەندێك ریکخراوی ناوچەیی نەیاندەویست ئەو چارەنووسە قبووڵبکەن، بەڵام ئەندامەکانیان لەسەرەوە بۆخوارەوە هەموو هەوڵو تەقەللایان بۆ ئەوە بوو نەکەونە بەر دادگای تۆڵەسەندنەوەی جەماوەرو بەزیندوویی بمێننەوە. بەڵام ووردە ووردە ئەمە گۆڕا، لەلایەکەوە سیاسەتی ئەمریکاو هاوپەیمانو هاوکارەکانیو لەلایەکی تریشەوە هارکاریو دەست لەپشتدانی وڵاتانی دەوروبەر، بوونەمایەی سەر بەرزکردنەوەی بەعسیەکان، ئەویش لەسەر زەمینەی شەڕی هەڵایساوی نێوان تیرۆریزمی ئیسلامیو بەرەی ئەمریکا. بەڵام هێشتا ئەوە زیندوو بوونەوەی حزبی بەعس نیە.

بەعسیەکان ئەوانەی ڕووخانی ڕژێم زەرەری ماددیو مەعنەوی پێگەیاندوون، وەکو تاكو وەکو دەستەی بچوك بەخێایی بوونە هاوپەیمانی ئیسلامیە توندڕەوەکان، ئێرهابی ئیسلامی کەئەمریکا ئامانجدارانەو نەخشەمەندانە کێشایە ئێراق، وەسیاسەتە کۆنەپەرستانەکانی ئەمریکا کە نەیویست حکومەتێکی مەدەنی جێگای حکومەتی بەعس بگرێتەوە، وەڵامی بێکاری نەك هەر نەدایەوە بەڵکو لەئاستێکی فراواندا پەرەی پێدا، چارەسەری هەژاریو گرانی بێکاری نەکرد کە جگە لە٨ ساڵ شەڕی ئێرانو ئێراق ١٠ساڵ گەمارۆی ئابووریشی لەسەربوو، لایەنی ئەمنی لەسەرئاستی کۆمەڵایەتی بەتەواوی فەرامۆشکرا، تاوانبارانی ڕژێم ڕەهاکرانو نیوە قاچاغو نیوە وازاد رتگیران کەچاوەڕوانی ڕووبەڕووبوونەوەی تعوندیان دەکرد بەڵام دەرگای ئاوەڵایان بینی تەنانەت بۆ درێژەدان بەچالاکی سیاسیش، وە لەوانەش گرنگتر دامودەزگاکانی دەوڵەتو حکومەت ڕێکنەخرانەوە بەتایبەتی لەو بوارانەداکەپەیوەندیان بەژیانی خەڵکەوە هەیە.

ئەمانە هەموویان بوونە هۆی مانەوەوفراوانبوونەوەی مقاوەمەی پاشماوەکانی رژێمی بەعس، بەڵام ئەوە بەمانای خۆڕێکخستنەوەی حزبی بەعس نیە. هەرچەندە هەستی هەوڵێکی ژیربەژێر بۆئەوکارە دەبیسترێ.

ئێمە کۆمۆنیستەکان بەدرێژایی دەیەی نەوەتەکان چەندینجار رامانگەیاندووەو ڕۆشنمانکردۆتەوە کە ئەمریکا لەململانێیدا لەگەڵ حکومەتی ئێراق، مەبەستی بوو لەناوخۆی حزبو دەسەڵاتی بەعس دا ئالۆگۆڕپیکبێنێو صدامو دارودەستەکەی دووربخاتەوە، بەڵام بەدرێژایی ١٠ساڵو لەچەندین هەوڵی کودەتاچیانەدا لەوکارەیدا سەرکەتوو نەبوو، بۆیە بەناچار ستراتیژی خۆی گۆڕی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمو بۆئەو مەبەستەش قورسایی خستە سەر ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی کە کۆنگرەی لەندەن برگەیەکی گرنگی ئەوگۆڕانەبوو.

ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی ساڵو نیوێك بەسەر ڕووخانی ڕژێمی بەعسو هەڵوەشانەوەی حزبی بەعسدا، بەدوورنابینرێ ئەمریکا گەرابێتەوە سەر نەخشەی پێشووی، بەتایبەتی کەحزبو هاوکارەکانی لەئێراقدا زۆر لەوە دەستکورت ترن کەبتوانن نیازو مەبەستەکانی ئەمریکا وەڵامبدەنەوە.

سەردانی ئەیادعەللاوی بۆ ئوردنو کۆبوونەوەی لەگەڵ کۆنە بەعسیەکان، کەیەکێك لەوانە ڕەغدی کچی صدام بوو، یەکێکە لەئەلقەگرنگەکانی هەوڵەکانی ئەمریکا بۆئەو مەبەستە.

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە هەموومان لەڕووکەشدا توندبوونەوەی کێشەی ئەمریکاو ئێرانمان، چ لەسەر چەکی ئەتۆمیو چ لەسەر دەستتێوەردانی ئێراق، لەبەرچاوە، بەڵام بەڵگەی ئەوە هەیە ئەمریکاو ئێران بەرلە پەلاماردانی ئێراق تەنانەت لەسەر خەریتەی سیاسی ئێراقیش ڕێککەوتوون، کە گرنگیدانی ئەمریکا بەحزبە شیعیەکانو رامبوونی ئەوان بۆ ئەمریکا برگەیەکی ئەو ڕێککەوتنەیە. من ئەم نمونەیەم بۆ ئەوە هێنایەوە کە بڵێم هیچ بەدوورنابینرێ هەوڵەکانی سوریابۆ پەنادانی بەعسیەکانو بوژاندنەوەی بەعس، بەئاگاداری خودی ئەمریکا بێت.

ئەمرکا بۆچی دەیەوێت حزبی بەعس زیندوو بکاتەوە؟

بەبڕوای من چەند هۆیەکی هەیە ئەمریکا والێدەکات پێویستی بە بەعس بێت،

١/ لەڕوانگەی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاوە، ئەو هێزانەی ئەمڕۆ جڵەوی کاروبارەکانیان بەدەستە بێتوانان لە ڕێکخستنەوەی سیاسیو ئابووری ئێراقو نەك هەر ناتوانن شەخصیەت بە ئەمریکا بدەن، بەڵکو خەریکە بەهۆی بێتواناییو بێئیعتیباری ئەوانەوە ئەمریکاش بێئیعتیبارتر دەبێو ڕۆژانە مەودای دژایەتیکردنی فراوانتر دەبێتەوە. ئەوهێزانە نەدەتوتنن ئارامیو ئاسایش بەرقەرارکەنو نەدەتوانن حکومەتێکی بەئۆتۆریتەی خاوەن پشتیوانی کۆمەڵایەتی دروستبکەن، بەپێچەوانەوە بەهۆی بەرچاوتەنگە تایبەتیو حزبییەوە خۆیان بەشێکن لەنائارامیو بەهۆی دابڕاوییان لەجەماوەر یەکێك لەرێگریە جدیەکانی بەردەم پێکهێنانی ئەو حکومەتەن.

٢/ بیانووی " هەبوونی هەڕەشەو مەترسی لەسەر وڵاتو دەسکەوتەکانی" ڕێگایەکی کاریگەرو پاساوێکی حازر بەدەستەبۆدەسەڵاتە نامەرغوبو نادیموکراتەکان. ڕژێمی بەعس کە بەقیتاری ئیمپریالیزم گەیشتەکورسی دەسەڵات، خیبرەو لێهاتوویەکی زۆری لەوبوارەدا هەبوو، بەوناوەوە گەورەترین ماشێنی سەرکوتی بەسەر خەڵکدا سەپاندو لەمڕێگایەوە دەسەڵاتی خۆی بەفراوانترین ئاست گەیاند. ئەمڕۆ خەریکە بەهەموو ئەبعادەکانیەوە ئەوە دووبارە دەبێتەوە. بەڵام ئەمجارەیان حزبی بەعسو پەیوەندیەکانی لەگەڵ تیرۆریزمی ئیسلامیو حکومەتی ناسیونالیستی سوریا، کراونەتە ئامرازی ئەو مەترسیە، کەپێشینەی بەعس زۆر یارمەتیدەرە بۆ ئەومەسەلەیە.

ئەم ئامانجە ئەمریکاو هێزە هاوکارەکان لەئێراق تیایدا هاوبەشنو لەم ڕێگایەوە هەم بواردەکەنەوە بۆسەقامگیرکردنی دەسەڵاتی خۆیان، کە لەڕێگای ترەوە ئەم شانسەیان نیە،وە هەم ماشێنی سەرکوتو زیندەبەچاڵکردنی خەنەکانی خەڵك بەگەڕدەخەنەوە، بەتایبەتی کەخەریکە دەورەی موجامەلەکردنی خەڵك کۆتایی دێت.

٣/ ئەمریکا دەیەوێت ببێتە (هەیاسی گیسکی خاص) دەیەوێت حزبی بەعس بکاتە ئەو بێچوە گورگەی هەمیشە هاوکارە ئێراقیەکانی خۆی پێبترسێنێت. بەدەستێك خزمەتیان دەکاتو بەدەستەکەیتر بێچوەگورگیان پیشاندەدات، بۆئەوەی کێشیان زیادو کەم نەکات.

ئەمریکا لەم بارودۆخەداو بەوحاڵەی هاوکارە عێراقیەکانیەوە، پێویستی بەیەدەگێکی وەك بەعسە کە نینۆکەکانی کراوەو سەرکردایەتیە تەقلیدیەکەشی(بەوجۆرەی خواستی ئەمریکابوو) لێجیاکراوەتەوە.

٤/ بەهێنانەوەی بەعس موجامەلەیەکی وڵاتانی عەرەبیو ناسیونالیزمی عەرەبی دەکات، کەبەهۆی داگیرکردنی ئێراقەوەلە ئەمرکا دژو دڵشکاو بوون.

ئازادی
بڵاوکراوەیەکی سیاسی‌یە (یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق) دەریدەکات
سەرنوسەر: (ئاسۆ غریب)........خاوەنی ئمتیاز: ئاواز محمد امین
ناونیشانی نوسینگەکانی ڕێکخراو: بەغداد/ شارع المتنبی. کەرکوك/ نزیك دادگا

سایتی ڕێکخراو	www.cui.org
ئیمەیلی ڕێکخراو	Cwpiraq@yahoo.com
ئیمەیلی ئازادی	azady_np@yahoo.com